# پەسند کردنی یاسای رۆژنامەگەری لەلایەن
# پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا بۆچی؟

لە بارودۆخێکدا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یاسای رۆژنامەگەری لە ژیر ناوی یاسای دژە تیرۆر و پاراستنی ئاسایشی خەلکی کوردستان پەسند دەکات، کە تاکو ئێستا دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستان لەژێر هەرەشەی دەولەتی تورکیا و ئێران و حکومەتی مەرکەزیدایە، ئایندەی و مانەوەی دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستان بۆ یەکێتی و پارتیش رۆشن نیە.نیگەرانی و ترسی کۆمەلانی خەلکی کوردستان سەبارەت بە ئایندەی سیاسی و ئابووری داهاتوویان رۆژ بەرۆژ لەزیاد بووندایە،بێ ئومێدی کۆمەلانی خەلکی کوردستان لەبەرامبەر یەکێتی و پارتی کە پێ یان وایە ناتوانن جوابی داخوازیەکانی خەلکی کوردستان بدەنەوەو چارەسەری کێشە سیاسی و ئابووریەکانی خەلکی کوردستان بکەن، هەر بۆیە نارەزایەتی خۆپیشاندانی خوێندکاران و مامۆستایان و شوفێران و رۆشنبیران و نوسەران و سەرجەم کۆمەلانی خەلکی کوردستان لەدژی گەندەلی ئیداری و گرانی و بێگاری و هەژاری و نەبونی ئاو کارەبا و خزمەت گوزاریەکانی تر دەستی پێکردوەو یەکێتی و پارتیش بەئاسانی ناتوانن پێش بەو نارەزایەتی و خۆپیشاندانانە بگرن.ئەم بزووتنەوەیە مەترسیەکی گەورەی خستۆتە دلّی یەکێتی و پارتیەوە بۆیە دەیانەوێ لەرێگای یاسایەکەوە کە لەبەرژەوەندی مانەوەی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری خۆیانە پێش بە گشت بزووتنەوە ئازادیخوازو پێشکەوتوخوازەکانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان بگرن.

پەسند کردنی یاسای رۆژنامەگەری لەلایەن پەرلامانی هەرێمی کوردستان ئاشکرابوونی ماهیەت و ناوەرۆکی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی یەکێتی و پارتیە بۆ سەرجەم خەلکی کوردستان،بە پێچەوانەی تەبلیغاتە درۆینەکانیان کەلە میدیاکانی خۆیان بەناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە دەیکەن.

ئەوان دەمێکە لەهەولی ئەوەدان پێش بگرن لەو نارەزایەتی و بزووتنەوە دیموکراسیەی کەلە کوردستان هەیە،بەلام بەهۆی بارودۆخی نائارامی سیاسی عێراق و کوردستان و رێک نەکەوتنی نێوان هێزە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان نەیانتوانیوە پێش بەو نارەزایەتی و بزووتنەوە دیموکراسیە بگرن کە لەکوردستان هەیە.

یەکێتی و پارتی ئەگەر مەبەستیان ئاسایش و چارەنووسی خەلکی کوردستانە ئەوە هیچ لایەنێک بەقەدەر ئەوان یاریان بە چارەنووسی خەلکی کوردستان نەکردوە، هەرلەمادەی سەدو چلەوە تاکو ئەنفال و کیمیا بارانی خەلکی کوردستانیان کردوە بەوەسیلەیەک بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی زیاتری لە حکومەتی مەرکەزی.

یاسای رۆژنامەگەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبنەرەتدا بۆ پێشگرتنە لەمافی ئازادی و رادەربرین و پێشێلکردنی مافەکانی خەلکی کوردستان، ئەرکی هەر رۆژنامە نوسێک و هەر ئینسانێکی ئازادیخوازە لە بەرامبەر ئەم یاسایە کۆنەپەرستانەیە رابوەستێتەوە دەنگی نارەزایەتی خۆی بخاتە پال ئەو دەنگانەی کە لە دژی پەسەند کردنی ئەو یاسایەن.

رۆژنامە نووسان و هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز و دیموکراتخوازی تر لە کوردستان ناتوانێ بەبێ پشتیوانی بزووتنەوەی ژنان و کرێکاران و کۆمەلانی خەلکی کوردستان لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتەنها بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان سەرکەوتووبێت، هێزی ئەو بزووتنەوە کۆمەلایەتیانە لە یەکگرتووی دایە،بۆیە دەبێت هەرچی زیاتر پشتیوانی هێزە ئازادیخوازو پێشکەوتووخوازەکانی دونیا عێراق و کوردستان بەدەست بهێنن.

بژی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی

کۆمیتەی بەرگری لە کرێکارانی عێراق
دیسێمبەری 2007